dengekan
Signature Valid
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.09.30 16:06:52 -06'00'



# كتێبێكی

# بە خوێن نووسراو

كوشتوبڕ ڕووخساری ئەم شارەی گۆڕیوە,
ئەو بەردە: ئێسقانە,
ئەو چڕە دووكەڵە: هەناسەی ئینسانە.

ئەدونیس

حەمەسەعید حەسەن

## جەللاد و قوربانی

وەك چۆن ناتوانین هیچ ماددەیەك لەناو ببەین, هەرواش ناتوانین ئەگەر هیچمان لەبەر دەستدا نەبێ ماددەیەك دروست بكەین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە كە بڕوایان بە غەیب هەیە, ئەوە تەنیا خوایە توانیوێتی بێ ئەوەی هیچ كەرەسەیەكی لە بەردەستدا بووبێ, گەردوون بخوڵقێنێ, هەروەها دەیشیتوانی ئێسكوپروسكی ڕزیوی مردووی هەزار ساڵە سەر لەنوێ زرپوزیندووبكاتەوە.

لەسەرتای ساڵانی بیستی ئەم سەدەیەدا, (بووە سەدەی رابووردوو) لەباشووری كوردستان, لەشاری سلێمانی جەمال عیرفان دەیگوت (وەك چۆن سووتووە جگەرە نابێتەوە بە تووتن, مردوویش زینوونابێتەوە.) لەسەر ئەم قسانە لە 23-12-1923دا[1], لەژێر چەتری دەسەڵاتی شێخ مەحموودا تیرۆر كرا. شەستو دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە عەبدولخالق مەعرووف لەسەر كتێبی (ئادەمیزاد لە كۆمەڵی كوردەواریدا) بە هەمان چارەنووس گەییشت.

---

[1] مێژووی شاری سلێمانی, ئەكرەمی ساڵحی ڕەشە, ب1 چ:2 دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوكردنەوەی كوردی, بەغدا 1987ل414.

وەك چۆن لە سەردەمی شێخ مەحموودد‌ا زانا ئاییننییەکان خوێنی جەمال عیرفانیان حەڵاڵ کرد, ساڵی 1985 یش کۆششی بێوچانی زانایانی ئایینی کورد ڕێگەی بۆ تیرۆرکردنی عەبدوولخالق مەعروف تەختو خۆش کرد. هەر لەنیوەی دووەمی ساڵانی هەشتادا و هەر بە هاوکاری نێوان بەعسو ئیسلام, لەسلێمانی: ڕەئووف زوهدیو عومەر تۆفیق یش تیرۆرکران, ئەمیان لەسەر کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە؟)و ئەویان لەسەر نامیلکەی (منداڵ نەبوون بە بێ حەب.) تەنانەت نووسینی کوردی بە حەرفی لاتینی لای ئیسلامی بەعس, بە دژایەتیکردنی پیتی قورئانی عەرەبی دەکەوێتەوەو (دڵشاد مەریوانی)ی لەسەر تیرۆر دەکرێ.[2] (کەریم زەند)یش چونکە ئینجیلی کردبووە کوردی هەوڵی کوشتنی دراو بە سەختی بریندار کرا.

ساڵانی شەست سەردەمی ناسر, محەمەد شەلتووت, ئیمامی هەرە گەورەی مزگەوتی ئەزهەر فەتوای‌دا: (ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەرامە.) ساڵانی حەفتا سەردەمی سادات, متەوەللی شەعراوی وەزیری ئەوقافی میسر فەتوای‌دا:(ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەڵالە)[3]. زانایانی کوردیش بە هەمان شێوە ئایین وەك یەکێك لەدەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەخەنە گەڕ, بەچاو پۆشین لە شێوازی فەرمانڕەوایی و ناسنامەی دەسەڵاتداران.

جاران لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا زانایانی وەك: حەللاج قورتوبیو سەهروەردی تیرۆر دەکران, لەم سەردەمەشدا: حسێن مروە, مەهدی عامیل و فەرەج فودە دەکوژرێن, نەجیب مەحفووز, عەزیز نەسین, سەلمان روشدیو تەسلیمە نەسرین فەتواو هەوڵی کوشتنیان دەدرێ, عەلی عەبدولڕەززاقو د. جەلال سادق ئەلعەزم دەدرێن بە دادگا, عەلاء حامید زیندانی دەکرێ, د. نەسر ئەبوو زەید و ڕێبوار ئەحمەد ناچاری هەڵاتن و خۆشاردنەوە دەبن.

## پەیامێکی خوێناوی

لە سەرەتای ساڵی 1985دا عەبدولخالق مەعرووف (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا)[4]ی بڵاوکردەوە, پێشتر سانسۆر بواری بڵاوبوونەوەی هەمان کتێبی بە ناونیشانی (ژن لە سایەی ئیسلامدا) نەدابوو, لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا, مزگەوتو بەدناوترین دەزگای سەرکوتکەری

---

[2] کنعان مکیة, *القسوة والصمت*, ط 1 دار الساقی لندن 1994 ص 151.

[3] *الابداع من نوافذ جهنم, العنف الاصولی*, ریاض الریس للنشر لندن 1995ص18و19.

[4] عەبدولخالق مەعرووف, *ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا*, دار الجاحظ 1985 نووسەر ئەم کتێبانەی دیکەیشی بڵاوکردوونەوە:
- *ئەنتێنا* , چاپخانەی کوردستان, هەولێر 1977
- *دیوانی نالیو کێ ڕاستە؟ پرۆژەی سەد کتێبی کوردی*, چاپخانەی المؤسسة العراقیة للدعایة و الطباعة بەغدا1984.

ڕژێم: ئاسایش, دەستیان تێکەڵ کردو هەرچییان بۆ ناوزڕاندنی نووسەرەکەی بەدەست هات, درێغییان نەکردو سەرەتا فەرمانی لەناوبردنی کتێبەکەیان دەرکرد, دواتر لە ئەپریلی هەمان ساڵدا خاوەنی کتێبەکەیشیان کوشت. (ئەوی کتێب بسووتێنێ ئینسانیش دەسووتێنێ.) مەلاو بەعسی ڕاستیی ئەم گوتەیەی هاینریش هاینەی شاعیری ئەلمانیان سەلماند.

هیچ ئایدۆلۆژیایەك –بەهەموو ئایینەكانیشەوە– هێندە پیرۆز نییە, کەس بۆی نەلوێ بەچاوی گومانو ڕەخنەوە سەرنجی بدات. بەوەدا هەرچی ڕەخنەی لە ئیسلام گرتبێ, لە بری ململانێی فیکری دووچاری: کوشتن, تۆقاندنو ڕاونان بووە, بەهێزیی لۆگیکی ئەم ئایینە دەبێتە جێی گومانێکی ڕاستەقینە. ئەگەر زانایانی ئیسلام بروایان بە ئایینەکەیان پتەو و پشت ئەستوور بوونایە لێی, لە بری حەلاڵکردنی خوێنی ڕۆشنبیران دایەلۆگیان پەسەند دەکرد و زەندەقیان لە ڕەخنە نەدەچوو.

پەنابردنە بەر تیرۆر ڕەنگدانەوەی لاوازیو ترسنۆکییە, هەرگیز هیچ دەسەلاتێك ناتوانێ نووسەرێکی ڕاستەقینە بسڕێتەوە, بڵند حەیدەری گوتەنی: (گوللەیەك چۆن دەتوانێ کۆتایی بە ژیانی نووسەرێك بهێنێ کە داهێنانی بووبێتە بەشێك لە ژیانی کەسانی دی؟) عەبدولخالق چاوەڕوێی ئەوەی دەکرد پێستی بکەنە پۆستاڵو (کاسەی سەریشی: تەپڵەکی جگەرە.)[5] بەڵام وەك نووسەرێك ئەوەی بەسەرشۆڕی دەزانی, لێگەڕێ بەعسیو مەلا وێنەی ئێستاو داهاتووی وڵاتەکەی بکێشن. ئەو وەك ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ دژی ئایدۆلۆژییە لە ئاسمانەوە باریوەکانو بیروڕا زەمینییە سەردەم بەسەرچووەکان بوو.

ڕەخنە بەرهەمێکی تەجریدی نییە, کارێکی شۆڕشگێڕانەیە و ئەوی ڕەخنەی لە ئایین نەبێ, ڕەخنەی لە هیچ شتێکی دیکە نییە. عەبدولخالق وەك باکۆنین دەڵێ, دەزانی (هەتا سەردار و سەروەرمان لە ئاسمان هەبێ, لەسەر زەمین کۆیلە دەبین) بۆیە وەك چۆن (مەلەك تاوس بێجگە لە خوا کڕنووشی بۆ کەسی دیکە نەبرد) ئەویش بێجگە لە ڕاستی سەری بۆ هیچ دەسەلاتێکی دیکە شۆڕ نەکرد.

عەبدولخالق دەیزانی گەلانی ئەوروپا لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەن و دژوارەوە لە دەسەلاتی ئایین ڕزگاریان بووە, ئەویش چرای هەمان خەباتی لە کوردستان هەڵکرد. ئەو ڕۆشنبیرێکی مەزنو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بوو, بۆیە تیرۆر کرا, ئەگەر مولحیدێکی ساکار و نووسەرێکی ڕووکەش بووایە لێی نەدەتۆقینو نەیاندەکوشت. ئەو پێی وابوو: ئەوانەی دەستیان لە پلەو پایەی بڵندی کۆمەڵایەتی گیر دەبێ, لە ڕووی ئاکارو ڕەوشتەوە لە نشێودان, ئەوانەی بە

[5] عەبدولوەهاب بەیاتی.

سامان شاد دەبن, ویژدانیان لە کیس دەچێ, ئەوانەی یەخەی کراسیان هەمیشە خاوێنە, داوێنیان پۆخڵە.

عەبدولخالق شارەزای لاپەڕە خوێناوییەکانی ئیسلام بوو, دەیزانی دەشێ وەك بەشاری کوڕی بورد بە تاوانی زەندیقی لە ژێر قامچیدا پەپوولەی گیانی بۆ بەهەشتی نەمری هەڵفڕێ, یان وەك کەعبی کورشی شەرەف بە تاوانی لاقرتی بە محەمەد کردن, سەری لەلەشی جوێ بکرێتەوە. دەیزانی ئیسلام هەرگیز لە دەورەی خۆی بواری وتووێژی نەداوە, ئەگەر تاکوتەرا لە ناو خودی ئیسلامیشدا کەسی وا هەڵکەوتبێ بەچاوی ڕەخنەوە سەرنجی کەلەپووری فیکریی ئیسلامەتی دابێ, هەرگیز نەیتوانیوە وەڵامی داخوازییەکانی سەردەم بداتەوە. محەمەد عەبدە چونکە وەڵامی قایلکەری پێ نەبوو, بۆ دەمکوتکردنی نەیارانی ئیسلام پەنای دەبردەوە بەر گوتەی محەمەد: (بیر لە خوا مەکەنەوە, بیر لەو شتانە بکەنەوە, خوا خوڵقاندوونی.)

عەبدولخالق لە (کتێبە خوێناوییەکەی نیسان)[6]یدا بە پشتبەستن بە دەقی قورئان, گوتە, هەلسوکەوتی محەمەدو بۆچوونەکانی شافیعی,تێڕوانینو مامەڵەی ئیسلام سەبارەت بە ژن ڕوون دەکاتەوە. نووسەر نەسووکایەتی بەئیسلام کردووە, نە بەو مەبەستەش هەڵوێستی ئیسلامی دەربارەی ژن شی کردۆتەوە, بەڵکو ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی پەردەلادانە لەسەر ڕووخساری دزێوی دێوی ئەو سووکایەتییەی ئیسلام بە ژنی کردووە و دەکا.

دەشێ لەناو کوردەواریدا زۆر کەسی وا هەڵکەوتبێ, هێندەی عەبدولخالیقو زێتریش شارەزایی لە ئیسلامدا هەبووبێ, بەلام هێشتا کەسی وای تێدا هەڵنەکەوتووە, هێندەی وی بوێر و هێندەی وی بە ڕاشکاوی قووڵی هەڵوێستی ئیسلامی لەمەڕ ژن لێك دابێتەوە.

زۆربەیخەڵکی کوردستان بەبەشێك لە نووسەرانیشەوەو کە دەبینن ڕۆژانە بە ئاشکرا سووکایەتی بە ژن دەکرێ, ئۆباڵی بەکەم سەرنجدانی ژن, دەخەنە ئەستۆی هەڵوێستی ئەم مەلاو ئەو زانای ئایینی. عەبدولخالق هەوڵی داوە ئەم هەلە باوە ڕاست بکاتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ ئەوە ڕابکێشێ کە ئەو ئیسلامە سووك دەڕوانێتە ژن, نەك ئەم یان ئەو ئاخوند, ئەوی ڕەخنەشی هەیە با ئاڕاستەی دەقی قورئان, گوتەو کردەوەی محەمەدی بکا.

پەیامی سەرەکی کتێبەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ئەوی هەڵوێستی زانایانی ئایینی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەچەوت, ناڕەوا و نائینسانی دەزانێ, با هەڵوێست بەرامبەر ئیسلام بنوێنێ, نەك بەرامبەر ئەو مەلایانەی بە موو لەو ڕێیە لایان نەداوە کەئیسلام بەهۆی دەقی قورئان و گفتاری محەمەدەوە نەخشەی کێشاوە. ئەوی دژی مارەبڕینی منداڵی سەر بێشکە, فرەژنی و ژنی سەفەرییە, بائیسلام تاوانبار بکات, نەك مەلاو ئاخوند.

---

[6] *شیعری کەڵ, دیوانی شێرکۆ بێکەس* ب:1 ستۆکهۆلم 1990 ل441.

سەرچاوەی بەسووکی سەرنجدانی ژن دەقی قورئان، گوتەو کردەوەی محەمەدە نەك لێکدانەوەو هەڵسوکەوتی زانایانی ئیسلام. ئەوانەی لە ئێران، جەزائیرو ئەفغانستان سووکایەتی بە ئینسان بە گشتیو ژن بە تایبەتی دەکەن، موسلمانی ڕاستەقینەنو بەو پەڕی هۆشیاری، وریاییو دەستپاکییەوە ناوەڕۆکی دەقە پیرۆزەکان، فەرمانی خوداو پێغەمبەر جێبەجێ دەکەن. ئەوی هەڵسووکەوتی دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی ئیسلام پەسەند ناکات، ئەوە دانی پێدا بنێ یان نا، پێ بزانێ یان نا، ئیسلام ڕەت دەکاتەوە. ئەمە کرۆکی نامە بە خوێن نووسراوەکەی عەبدولخالق مەعرووف بوو.

## جیاوازی چینایەتی

ئایین لێناگەڕێ چەوساوەکان لە پێناوی ژیانێکدا شیاوی ئینسان بێ ڕاپەڕن، چونکە بەڵێنی بەهەشتی ئەو دنیای پێداون. ئایین زۆرلێکراوانی سڕ کردووە، ڕێگرە لەبەردەم لافاوی پەلاماریانداو یاخیبوون لە دەسەڵاتداران بە یاخیبوون لە خوا دەزانێ، محەمەد بە هەژاران دەڵێ: (ئەگەر دەتانزانی خوا چی بۆ پاشەکەوت کردوون، خەمتان بۆ ئەو شتانە نەدەخوارد کە نیتانن.) یان: (ئارامگرتن چاکە، بۆ هەژاران چاکترێکە.) هەر بە پێی گوتەی محەمەد: (ئەو کۆیلەیەی هەڵاتبێ، تا نەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی نوێژی لێ قەبووڵ ناکرێ.)

محەمەد بەگوێرەی دەقی قورئان کۆمەڵانی خەڵکی دەهێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە جیاوازی چینایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەمەندان ویستی خوان، چونکە قورئان پێمان دەڵێ: (خوا فەزڵی بڕێکی بەسەر بڕێکی دیکەدا داوە، ئایەتی 21 سوورەتی ئیسرا تا خەڵکانێك- بەهۆی سامانیانەوە- خەڵکانی دیکە لە ڕاژەی خۆیاندا بخەنە گەڕ. ئایەتی 32 سوورەتی زەخرەف)[7] کەواتە قورئان لایەنگری جیاوازیو چەوساندنەوەی چینایەتییەو دەوڵەمەندیو هەژاری بەشتێکی هەمیشەیی و ئاسای دەزانێ. (تەنانەت محەمەد بەنیازی وەدەستهێنانی پشتگیرییانو دابینکردنی قازانجی بازرگانانی مەککە، ڕووگەی موسڵمانانی لە مزگەوتی ئەقساوە گۆڕی بە مزگەوتی حەرام و حەجیشی فەرزکرد.)[8]

دەزگای ئایین هەمیشە بۆ کوتانەوەی سەری چەوساوەکان، کوتەکی بەزەبری دەستی دەسەڵاتداران بووە. (ساڵی 1977کە هەژارانی قاهیرە دژی بڵندبوونەوەی نرخی شتومەك ڕژانە سەر شەقام، ئەزهەر ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی بەکاری شەیتان ناوبرد.)[9] لەڕوانگەی ئیسلامەوە (قینیاتکردن گەنجینەیەکە لەناوچوونی بۆ نییە) و لەم دنیا بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك

---

[7] *ئیسلام ناسی، عەلی میر فێترووس*، وەرگێڕانی سیامەکی بابەك ل44.
[8] *ئیسلام ناسی* ل22.
[9] *الابداع من نوافذ جهنم*، ص307.

قایلن, خوا لەو دنیای دی, لە بەهەشتدا پاداشتیان دەداتەوە, کەچی ئەوانەی یاخی دەبن, لەم دنیا دەسەڵاتداران‌و دنیا خوا سزایان دەدات, ئەگەرچی لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنی قورئاندا, دەبوو وەك چۆن مکەچان لەو دنیا پاداشت وەردەگرن, یاخیبووانیش هەر لەو دنیا سزا بدرێن.

ئایین ئەگەر ڕۆڵی سروشتی‌خۆی, ڕۆڵی ئەسپەکەی تەروادەی لەناو چەوساوەکاندا وازی نەکرد, دەسەڵاتی سیاسی, لەشکری ئیسلام بەگژ نەیارانی دەوڵەتدا دەکات. بەپێی ئایدلۆژیای ئیسلام خوا بە مەبەستی تاقیکردنەوە دەوڵەمەندی‌و هەژاری هێناوەتە گۆڕێ, (دەیەوێ بزانێ دەوڵەمەند خێر دەکات, یان نا؟ هەژار ئارام دەگرێ یا نا؟)[10] کەچی دەوڵەمەندی خێرنەکەر تەنیا لەو دنیا, بەلام هەژاری ئارامنەگر لەهەردوو دنیا سزا دەدرێ.

## ئازادی‌و دیموکراتی

ئەگەرچی قەدەغەیە ئایدۆلۆژیای ئیسلام هاوچەرخانە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بخوێنرێتەوە, کەچی ئیسلامییەکان هەوڵ دەدەن لەگەڵ سەردەمدا بیگونجێنن. لەوە دەچێ محەمەد بڕوای بەم گونجاندنە هەبووبێ, گەرنا شێوازی فەرمانڕەوایی دەستنیشان دەکردولەسەر وەختی ژیانیدا ڕێی دەدا گوتەکانی بنووسرێتەوە, یان نەیدەگوت: (ئێوە خۆتان کاروباری ژیانی خۆتان باشتر دەزانن.)

ئایین بەشێکی گرنگی ئایدۆلۆژیا‌و ڕەگەزێکی سەرەکیی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی چینە دەسەڵاتدارەکانە لە کۆمەڵگای پێش سەرمایەداریدا. پیشەسازی بەرهەمی زانستە‌و زانستیش بەرهەم دێنێ, شوانکارەیی‌و کشتوکالیش ئایین دێننە بەرهەم. لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ئێستایشدا ئایین ئایدۆلۆژیای چین‌و توێژە کۆنەپارێزەکانە. ئەگەر دەسەڵات کەوتە دەست ئیسلامییەکان ئایین لە ئایدۆلۆژیاوە دەبێتە یاسا, ئەمەش کوشندەترین زەبر لە دیموکراتی دەدات, چونکە ئەو کاتە وتووێژکردن لەسەر یاساش دەکەوێتە خانەی کوفرو ئیلحادەوە, سزای کافرو ملحیدیش مەرگە.

(سەلەفییەکان هەموو ڕابردوو بە پیرۆز دەزانن, عەدەمییەکان هەموو ڕابردوو ڕەت دەکەنەوە.)[11] چ مل کەچنەکردن بۆ یاسای گۆڕان, چ سڕینەوەی کەلەپوور بەهەموو لایەنەکانییەوە, ئاوکردنن بە ئاشی ژیانی نادیموکراتیدا. بائیسلام لەسەروەختی ژیانی محەمەددا هەندێ بۆچوونی لە بابەتی: قەدەغەکردنی زیندەبەچاڵکردنی کچ‌و حەرامکردنی – سوود–یشی لەگەڵ

---

[10] الدکتور عاطف احمد, *نقد فهم العصری القران*, , ط2 دار الطلیعة, بیروت 1978 ص29.

[11] حسین مروة, *دراسات نقدیة فی ضو المنهج الواقعی*, ط 3 موسسه الابحاث العربیة بیروت 1986 ص436.

خۆیدا هێنابێ, بەڵام نەخۆشییەکانی سەردەم بەو دەرمانە دێرینە چارەسەرناکرێن‌و هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژیایە, دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێ یان نا, هەر لەبەردەم ڕەوتی کۆمەڵگا, گۆڕان‌و دیموکراتیدا بەربەستن, چونکە بڕوا بەوە ناهێنن کە ئایینیش وەك دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕۆشنبیرییەکانی دیکە, ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵە.

قورئان بۆ ئەوە بەرهەم نەهێنراوە گومانی لێبکرێ و ڕەخنەی لێبگیرێ, بۆ ئەوە هاتووە کوێرانەو بێ چەندوچوون بڕوای پێبکرێ. دەشێ دەسەڵاتداری ئیسلامی وا هەبێ, ئامادەی وتووێژکردن بێ لەسەر ناوەڕۆکی قۆرئان, بەڵام مەبەستی سەرکوتکردنی بەرامبەرەکەیەتی و پێشەکی گومانی لەوە نییە کەخۆی لەسەر هەقە. دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئێران تەنانەت لە ئەورووپا و لە گەرمەی وتووێژیشدا نەیارانیان تیرۆر دەکەن, وەك لە 13ی7ی1989دا لە ڤیین(قاسلو, د.فازل مەلا مەحموود و عەولای قادری) یان لەکاتی وتووێژدا کوشت. ئیسلام تەنیا کاتێ دەتوانێ دیموکراتی بێ, کە ئەو خەلکە سەرپشك بکا لەوەی: دەرگای دڵ‌و مێشکی بۆ دەخەنە سەر پشت, یان ڕەتی دەکەنەوە.

هەموو مێژووی دەسەڵاتی ئیسلام لەم چەند وشەیەدا بەرجەستە دەبێ: (خوێنڕشتن لەسایەی شووراداا.) شوورا هەمیشە دێوجامەیەك بووە بۆ راوی نەیارانی ئیسلام. ئەگەرچی ئەفغانی پێی وایە: شووراو دیموکراتی دوو ڕووخساری یەك ناوەخنن, بەڵام ڕاسستییەکەی شوورا هەمیشە ڕێگر بووە لە بەردەم داهێنانی تاکەکەسداو ئازادیی تاکەکەسی زەوت کردووە. لە ولاتە ئیسلامییەکاندا ئەوی ڕێزی لێ نەگیرێ ئازادی بیروڕا دەربڕینە, بیروباوەڕی ئیسلام هەمیشە بە زەبروزەنگ‌و سەرکوتانەوە سەپێنراوە و ڕابردووی گەلانی دەسەڵاتی ئیسلام مێژوویەکە خوێناوی‌و خەمگین.

ئایین خاوێنەو پیرۆزە, دەوڵەت:پۆخڵەو پیس. دەبوو بوار نەدرێ کانیاوی ڕۆشنی ئایین تێکەڵ گۆمی لیخنی دەوڵەت ببێ, کەچی گا ئایین لەڕاژەی دەوڵەتدایەو گا دەوڵەت دەکەوێتە داکۆکی لەئایین کردن. هەندێ جاریش وەك چۆن دیجلە و فورات دوای تێکەڵبوون ئاوی ئەمیان لەویان جیا ناکرێتەوە, ئایین و دەوڵەتیش بە هەمان شێوە تێکەڵی یەکتری دەبن. ئیدی فارابی گوتەنی (ڕێ نادرێ کەس خاوەنی خودی خۆی بێ‌و دەبێ هەمووان لەئامێری دەوڵەتدا خودی خۆ لەدەست بدەن) ئەوسا تاکەکەس خودی خۆی دەدۆڕێنێ, چونکە بۆ خۆی ناژی, بۆ دەورووپشت‌و ئاییندە – بەهەشت دەژی.

ئیسلام لێناگەڕێ بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی تاکەکەسی ڕەنگدانەوەی سروشتیی خواست‌و ویست خۆی بن. تاك دەبێ ملکەچی شەریعەت بێ, بەمەش لە ئازادی: لەگەوهەری بوونی بێبەش دەبێ. لە ئیسلامدا تەنیا محەمەد نوێنەری خوایە, دوای ئەو کەس ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی

**تاکەکەس و خوا نییە, بۆیە دەبوو ئایین مەسەلەیەکی نێوان تاکەکەس‌و خوا بێت‌و دەسەڵاتداران لێگەڕێن تاکەکەس خۆی بڕیاری پێوەندی نێوان خودی خۆی‌و خودای خۆی بدات.**

**ئـایین دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە, بەرهـەمێکی ڕۆشـنبیرییەو سـەرخانی واقیعێکـی دیـاریکراوە, بۆیـە نـاتوانین بەچـاو پۆشـین لـە قۆناغـە کۆمەڵایەتییـەکان سـەرنجی بـدەین, لـەم ڕوانگەیـەوە (ئیسلام وەڵامدانەوەی داخوازییـەکانی کۆمـەڵگای جاهیلی بـوو.) لـە ئەورووپا چـونکە لەسـەدەی هەژدەیەمـەوە کڵێسـا نـابووت بـووەو ئـایین بۆتـە بەشـێك لـە فۆلکلـۆر, دەسـەڵاتداران بـۆ ئـەوەی ڕەوایـی بـە بڕیارەکانیـان بـدەن, پێویسـتیان بـە پشـتگیریی ئـایین نییـە, پێویسـتیان بـە پیشتیوانی تاکـەکانی کۆمەڵـە, بەڵام (لـە وڵاتـانی ئیسلامیدا دەسەڵاتە نا دیموکراتییـەکان لـە ژێـر جببـەی ئیسلامدا ناشـەرعیبوونی خۆیـان دەشـارنەوە.[12] ئیسـلام ناتوانـێ دیمـوکراتی بـێ, چـونکە دیموکراتیبوون ڕێزگرتنە لە بیروڕای جیاواز نەك ملکەچکردن بۆ دەقی پیرۆز.**

**تا کێشـەکان بـە زەبـری ئـایین یـەکلایی بکرێتـەوە, دیمـوکراتی بـوونی نییـە, تـا ئـایین ڕۆڵـی سـەرکوتکەرانەی ئایـدۆلۆژیا ببینـێ, ئـازادی تاکەکـەس ئەفسـانەیە. (لـە هـەر شـوێنێ باسـکردنی: ئـایین, سـێکس‌و جیـاوازی چـینایەتی‌قەدەغە بـوو, دیمـوکراتی لـەوێ نییـە) باسـکردنی ئـەو سێکوچکەیەش لەهەموو وڵاتانی ئیسلامیدا تابووە. چۆن دیموکراتی لەسایەی دەسەڵاتێکدا دەژی کە ڕێبەرەکانی وەك مونتـەزیری ناچار بن بڵێن: (وا خۆمـان بـە جیهان ناسـاندووە, وەك بێجگـە لـە کوشتوبڕ حەزمان لە هیچی دیکە نەیێ.)[13] قورئان دەقێکە نەك هـەر مرۆڤ لـە کۆیلـەیی ڕزگـار ناکا, بـەلکو دەشیکاتە کۆیلـەی خـۆی. نـە ئـایین یاسایەی نەیاسایش ئایینـە. یاسـا ملکەچـی گـۆڕانی هاوسـەنگییەکانی نێـوان چـین‌و توێـژەکانی کۆمەڵگایـە, بـەڵام ئـایین کـە دەبێتـە یاسـا چـونکە ئاسمانیـەو پـیرۆز, ڕێـز بـۆ شـوێن‌و کـات دانانێـت, خـۆی بەسـەر هـەموو قۆناغـەکانی کۆمـەڵگا جیاوازەکانـدا دەسـەپێنێت‌و خـۆی بـەدەرمانی هـەموو نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکانی گشـت سـەردەمێك دەزانێت. ئەدونیس دەڵـێ: (لـە ڕۆشـنبیریی ئایینیدا هـەموو شـتێك پێشـەکی بـیری لا کراوەتـەوەو چارەسـەری کـاربڕو ڕەوای بـۆ دانـراوە, هـەموو شـتێ چ لـە دنیـاو چ لـە قیامـەت ئاشکرایەو پێویستی بە بیر لێکردنەوە نییە.)[14] ئەگەرچی خەڵکی ژێر دەسەلاتی ئیسلام گیریان بە دەسـت دەیـان تەنگوچـەڵەمەی کۆمەڵایەتییـەوە خـواردووە, کەچـی هەنـدێك (هۆکـاری سـەرەکیی نەخۆشییەکانی کۆمەڵ, دەبەنەوە سەر دوورکەوتنەوە لە ئیسلام).[15]**

---

[12] د.حسن حنفی و محمد عابد الجابری, *حوار المشرق والمغرب*, توبقال للنشر, دار البیضا 1992 ص138

[13] *واجهات السیف والقلم, العنف الاصولی*, ریاض الریس للنشر, لندن1995 ص243

[14] ادونیس, *النظام والکلام*, دار الاداب بیروت1993ص51

[15] *نواب الارص والسما , العنف الاصولی*, ریاض الریس للنشر لندن1995ص223

ئەو زمانەی قورئانی پێنووسراوە, زمانێكە دەیەوێ خۆی لەگەڵ هەموو كاتوشوێنێكدا بگونجێنێتو هەموو بەها ڕێژەییەكان بەشێوەیەكی ڕەها باس دەكا. ئەگەرچی لەبواری ڕۆشنبیریدا هیچ شتێ نییە هەمیشە هەر ڕاست بێ بەڵام قورئان هەمیشە ڕاستە. قورئان گەرچی بەشێكە لەكەلەپوور, كەچی دەسەڵاتدارانی ئیسلام دەیانەوێ وەك هاوچەرخ سەرنجی بدرێتو دەخوازن بە دەرمانی ئەو توخمە گرنگەی كەلەپوور, هەموو برینەكانی سەردەم ساڕێژ بكەن, بێرەچاوكردنی ئەوەی كە كولێرەی ئەو ڕابردووە ڕەسەنە, برسییە هاوچەرخەكان تێر ناكات.

دیموكراتی و ئیسلام پێكەوە ناگونجێنو هەر یەكێكیان ئەوی دیكە دەسڕێتەوە. ئیسلامییەكان وەك د.غالی شوكری دەڵێ: (مۆسیقا:بەدەنگی شەیتان شانۆ: بەبەدكاریی, گۆرانی: بەعەورەت, هونەری شێوەكار: بەبتپەرستیو ئەدەب بەفریودانی كافرانە لە قەلەم دەدەن).[16] محەمەد عەبدولوەهاب چونكە لە گۆرانییەكدا گوتبووی:

نازانین لەبەر چی هاتووینە دنیاوە,
نازانین بەرەو كوێ مل دەنێنین,
نازانین كام شتمان گەرەكە!

بەتاوانی ئەوەی بانگەشە بۆ ئیلحاد دەكا, ڕاكێشرایە بەردەمی دادگا. لویس عەوەزیش تەنیا لەبەر ئەوەی گوتبووی (جنۆكە و فریشتە وەك داستان و ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵن). بەرەو ڕووی هەمان چارەنووس بووەوە.[17] ئیسلامییەكان دەیانەوێ ئێستاش خەڵكی بڕوا بە: (یاجووجو ماجووج, هارووتو ماروت).[18] هێرشی فڕۆكەی جەنگی ئاسای باڵندەی ئابابیلو دوولەتبوونی دەریای سوور بە گۆچانی مووسا بكەن! قورئان دەقێكی زانیستی نییەو ئاسایی لەگەڵ زانیستدا ناكۆك بێ, وەك نموونە گەرچی لەدوا ئایاتی سوورەتی لوقماندا هاتووە كە: (خوا دەزانێ چی لە منداڵداندا هەیە). بەڵام سالانێكە بەهۆی تێڕوانینو ئامێری تایبەتییەوە, دكتۆریش دەزانێ چی لە پزدانی دایكاندا هەیە, كەچی ئیسلامییەكان: ئەوانەی جاران باسكردنی سووڕانەوەی زەویشیان پێ دروست نەبوو, ئێستا بۆ هەر دۆزینەوەیەكی زانستی نوێ, بە تۆپزی ئایەتێك دەبیننەوە لەگەڵیدا بیگونجێنن.

هەموو ئەو بزووتنەوانەی لەسایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا داوای دیموكراتیو دادپەروەریی كۆمەڵایەتییان كردووە, وەك: بابەكییەكان, قەرمەتییەكان, ئیسماعیلییەكانو هەقە, وێڕای كافر و زەندیق, بەوەیش تاوانباركراون كە خوشكو دایكیان بۆ خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن, ئیستاش هەمان

---

[16] ***الابداع من نوافذ جهنم***,ص357
[17] هەمان سەرچاوە ل35و38
[18] د.جلال صادق العظم, ***نقد الفكر الدينی***, دار الطليعه بيروت 1969 ص37

بالۆرە بۆ کۆمۆنیستەکان لێدەدەن, گەرچی زۆر لە کۆمۆنیستان تەنانەت ژنومێردایەتی نێوان دۆتمامو پسمامیش بە ئاسایی نازانن, چونکە زۆر جار وەچەی ئەو جۆرە پێوەندییە ناتەواو دێنە دنیاوە.

ئیسلامییەکان هەمیشە خەڵکیان بەسەر دوو سەنگەردادابەش کردووە: سەنگەری موسڵمانان و سەنگەری کافران, ئەمەیش سەرەتای پەنابردنە بەر زەبروزەنگو پشتکردنە دیموکراتییە. هەرچی ملکەچی دەقە ئایینییەکان نەبێ, ئەگەر دەسەڵاتیان نەبوو, وشەی برینداركەر, ناوو ناتۆرە و جنێوی ئاراستە دەکەن, کە دەسەڵاتیشیان هەبوو پەنا دەبەنە بەر: شمشێر و گوللە. ئیسلامییەکان کە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیش وازی دەکەن و لە دەرەوەی فەرمانڕەوایی چالاکی دەنوێنن, (ئەو هەوڵەیشیان بۆ پێشخستنو گۆڕینی واقیع نییە, بۆ گۆڕینی دەسەڵاتە و دەیانەوێ دەستیان لە دەسەڵات گیر ببێ).[19] ئیمامی تووفی دەڵێ: (ئەگەر دەقی ئایینی لەگەڵ بەرژەوەندیدا نەگونجا, بەرژەوەندی ڕەچاو دەکرێ). زانایانی ئیسلامی هەندێ جار سەرپێچی لە دەقی پیرۆز دەکەن, بەڵام هەمیشە لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانادا. جەنەڕاڵ زیائولحەق بەڵێنی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەی بە خەڵکی پاکستان دابوو, کە پاشگەز بووەوە, گوتی: (ڕۆحێکی پیرۆز لەخەومدا پێی گوتووم: دیموکراتی دژی ئیسلامە).[20]

(ئایینی خۆتان بۆ خۆتانو هی خۆشم بۆ خۆم). ئەگەرچی ئەم دەقە لە سوورەتی کافران, ئایەتی شەشدا هاتووە, کەچی لە سوورەتی ئال عومران, ئایەتی 85 دا پێچەوانەکەی گوتراوە: (بێجگە لە ئیسلام هیچ ئایینێك لەکەس قەبووڵ ناکرێ[21] ئەم ناکۆکییە نابێ ببێتە جێی وتووێژ, چونکە قورئان خوا بەرهەمی هێناوە و حەقیقەتی ڕەهایە, بۆیە هەموو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی ئیلحاد و کوفرە. محەمەد کە بێدەسەڵات و هەڵاتوو بوو, لەمەدینە دروشمی (زۆرەملی لە ئاییندا نییە–سوورەتی ئەلبەقەرە, ئایەتی 26ی) بڵند کردبووەوە, بەڵام کە دەسەڵاتی پەیدا کرد, (تەنیا لە خێڵی بەنیقوریزە نۆسەد کوڕی گەنجو پیاوی سەربڕی).[22]

## ژن و ئیسلام

بریا ئاگری ڕۆحت جەستەی دەسووتاندم,
بریا دەست لەملانی ئاسمانیمان
هەمیشەیی دەبوو,

---

[19] ***النظام والكلام*** **ص58**

[20] **د. جلال صادق العظم,** ***ذهنيه التحريم*****, رياض للنشر لندن 1992 ص331**

[21] **د. نصر حامد ابو زيد,** ***النص, السلطه, الحقيقه*****. المركز الثقافي العربي, بيروت 1995 ص 15**

[22] ***ئیسلام ناسی*** **ل21**

بریا یەکەمین شەوی بووك‌و زاوایەتیمان
هەرگیزاو هەرگیز دوایی نەدەهات.[23]

(ئەوی لەژیانیدا تامی ئەزموونی ئەوینی مەزنی نەکردبێ، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، چونکە چی لەکیس چووە).[24] ئەوپەڕی خۆشەویستی لە پێوەندی سێکسی نێوان ژن‌و پیاودا بەرجەستە دەبێ، بە مەرجێ ڕەنگدانەوەی ویست‌و ئارەزووی هەردوو لا بێ، بەڵام سێکس بێجگە لە ئارەزووکردنی یەکدی هەر هۆکارێکی دیکەی لە دواوە بێ، ئەوا نەك هەر وەڵامدانەوەیەکی سروشتی ئەوینی گیانی‌و جەستەیی دوو کە نابێ، بەڵکو هەموو ناوەڕۆکێکی خاوێن و مرۆڤانە لەدەست دەدات‌و دەبێتە دژوار و دزێوترین شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

ژنومێردایەتی مرۆڤانە: تەنیا ئەو جۆرەیانە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی بنیات نرابێ، هەر کاتێ مانگی ئەو خۆشەویسییەش ئاوابوو، ئیدی لە پێوەندییەکی مرۆڤانەوە دەبێتە نامرۆڤانەو پێویستە هەڵبوەشێتەوە. لەئیسلامدا پێوەندی نێوان ژن‌و مێرد لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی ژن هەڵچنراوە، چونکە چەوساندنەوە بێ زەبروزەنگ ناژی، بۆیە وەك چۆن دەسەڵاتدار بە پێی یاسا سەرپشکە بێدەسەڵات سەرکووت بکات، پیاویش یەپێی دەقی قورئان: (سوورەتی ژن، ئایەتی34) دەتوانێ ئازاری جنسی، دەروونی‌و جەستەیی ژن بدات.

یەکێك لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان ئەوەیە: هەمیشە جامی پڕ لە زەبروزەنگیان بەسەر لاوازاندا قڵپ دەکەنەوە. زۆرداران چونکە وەك بوونەوەرێکی لاواز سەرنجی ژنیان داوە، بۆیە ژن هەمیشە بۆ تیری زەبروزەنگیان نیشانە بووە.

لەسەروەختی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا، مێ هیچ بایەخێکی نەبووە، زیندەبەچاڵ کراوە، وەك هەر کوتاڵێکی دیکە فرۆشراوە، فرەژنی سنووری نەبووە، ژن بە شایەت نەچووە، میراتی نەکەوتووەو تەنانەت لای هیندییەکان کە مێردی مردووە، لەگەڵیدا نێژراوە. چونکە ئیسلام بە پێوانە لەگەڵ سەردەمی سەرهەڵدانیدا، هەندێ مافۆکەی بۆ ژن دابین کرد، کەسانی سەیید قوتب دەیانویست محەمەد وەك ڕێبەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بناسێنن، بەڵام هەر لەبەر ڕۆشنایی خۆری دەقی قورئان، هەلسوکەوت‌و گوتەکانی محەمەد خۆیدا، بەفری ئەو لێکدانەوەیە دەتوێتەوە.

دەقی قورئان کە باس لە ژن دەکا، ڕووی دەمی لە پیاوە، تەنانەت لەو سوورەتەشدا کە ناوی ژنی لێنراوە. لەهەردوو سوورەتی مانگا زێرینەو ئال عومرانیشدا ژن وەك کوتاڵ سەرنجدراوە: (جیهان کوتاڵەو چاکترین کوتاڵیش ژنی چاکە) ئەمەش گوتەی محەمەد خۆیەتی. نێر سەرداری

---

[23] د. جلال صادق العظم، ***شعر نوفاليس، في الحب العذري***، دار العوده، بيروت ط3 1981ص76

[24] هەمان سەرچاوە ل75

مێیەو دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی لێی بدات, تا ئەو ڕادەیەی عوسمانی کوری عەففان ڕوقییەی ژنی خۆی –کە کچی محەمەدیش بوو– لەژێر قامچیدا کوشت.

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ژن چونکە خوێنی لەبەر دەڕوا, لەڕووی بایۆلۆژیو فیزیکییەوە لە پیاو کەمترە. ژن هاوزەمان کوتاڵەو مرۆڤیشە, خۆی ئینسانە بەڵام ئەندامی سێکسی شتێکە شیاوی کڕینو فرۆشتنە دەقی قۆرئان دەڵێت: (کە پێتان ڕابواردن, کرێیان بدەنێ ئایەتی24سوورەتی ژن).

ناوەڕۆکی بەڵێنامەی ژنومێردایەتی لە ئیسلامدا, بریتییە لەوەی پیاو لەبری جووتبوون زێڕ و دراو بە ژن دەدات. مارەیی ئەو نرخەیە پیاو لەبری کڕینی ئەندامی سێکسی ژن, لە ژنومێردایەتی هەمیشەییدا و لە بری بە کرێگرتنی هەمان ئەندام لە ژنومێردایەتی سەفەریدا دەیدا. حیللی–زانایەکی ئایینی سەدەی سێزدەی زایینییە– دەڵێ: (مارەبڕین دەسەڵاتی پیاو بەسەر ئەندامی سێکسی ژنەکەیدا دابین دەکا). پیاو ئەگەر ژنەکەی تەلاقداو هێشتا لەگەڵیدا جووت نەبوو بوو, نیوەی مارەیی دەدات. بەمەدا دیارە مارەیی نرخی کڕینو کەڵك لێوەرگرتنی ئەندامی سێکسی ژنە. ئەگەرچی کوشتن سزای نێربازییە, کەچی پیاو چونکە کرێی داوە, بۆی هەیە لە (دواوە)ش سێکس لەگەڵ ژندا بکات.

(پیاو چونکە بە ژنێك تێرنابێ!) مافی فرەژنی, ژنی سەفەریو کەنیزەك ڕاگرتنیشی هەیە. (یەکسانی لەم بوارەدا بەوە دابین نابێ, ژنیش مافی فرەپیاوی هەبی, وەك لە قۆناغی دایکسالاریدا هەیبوو, بەوە دێتە گۆڕێ پیاو مافی فرەژنی لەدەست بدات). ئیسلام چونکە لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا سەری هەڵداوە, لە ڕاژەی پیاودایە و گەلێ جار دەڵێی نامەیەکە لە بەرژەوەندی ژیانی ژنومێردایەتی خودی محەمەد نووسراوە, بەتایبەتی سوورەتی ئەلئەحزاب. (کە هەواڵی عایشەی ژنی لەگەڵ کاروانچییەکاندا بڵاوبووەوە, محەمەد یاسای قامچی لێدانی گۆڕی, لەم ڕووەوە دەبێ چوار پیاو شایەتی بدەن, ئینجا زیناکەر سزا دەیگرێتەوە, پێشتر یەك شایەت بەس بوو).[25]

لەئایینی ئیسلامدا نەك هەر یەکسانی لە نێوان ژنو پیاودا نییە, بەڵکو بە پێی دەقی قورئان خوا لەبەر چاوی کاڵی پیاو, ژنی خووڵقاندووە. (ئایەتی21, سوورەتی ئەلڕووم) غەزالی دەڵێ: (ئەگەر کڕنووش بردن بۆ غەیری خوا ڕەوا بووایە, دەبوو ژن سوجدە بۆ مێردەکەشی بەرێ). ئافرەت نەك هەر لە ژنومێردایەتی سەفەریدا مافی سێکیکردنی نییە, بەڵکو لە هەمیشەییەکەشدا هەست, سۆز و ئارەزووی ژن لەبەر چاو نەگیراوە. هەمیشە پیاو بکەرە, ژنیش بەرکار. ژن

---

[25] کریستیان مەکاریان, *بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی محەمەد*, وەرگێرانی لەفەرەنسیەوە سیروان سۆرانی, گۆڤاری دلانپار, هێلسنکی 25-12-1995

بەسواری حوشتریشەوە بووبێ, گەر مێردی ئارەزووی کردبێ, ناچار بووە داخوازییەکەی جێبەجێ بکا. لەناکۆکییە سێکسییەکانی نێوان پیاوو ژندا, پیاو هەم جەمسەرێکی ناکۆکییەکەیە, هەم دادوەر و بڕیاردەریشە.

## ژنی سەفەری

جەعفەری سادق دەڵێ: (ئەو پیاوەم خۆشناوێ دەمرێت یەکێ لە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر جێبەجێ ناکا, دەمرێ و ژنیسەفەری ناهێنێ).[26]

جەنگاوەرانی ئیسلام دوور لە ژن و زێدی خۆیان سەرقاڵی شەڕ, تاڵانی و بڵاوکردنەوەی ئایین بوون, محەمەد بۆیە ژنی سەفەریی دەهێنا تا ئەو شەڕکەرانە ورەیان هەر بڵند بێ. ژنومێردایەتی سەفەری هەر بە کرێگرتن و بەکرێدانی لەشی یان ڕاستتر سێکسی ژنە بەڵام بە شێوەیەکی شەرعی. ئەگەر چی عومەر کوری خەتتاب ژنومێردایەتی سەفەری قەدەغە کردو لە سەروەختی خەلیفەیی ئەودا وەك زینا سەرنج دەدرا, بەڵام شیعە پێیان وایە ئەوی محەمەد حەڵاڵی کردبێ تا قیامەت حەڵاڵە و بۆ ئەم سۆزانچێتییە شەرعییە پشت بەئایەتی 24ی سوورەتی ژن[27] دەبەستین. لەسەردەمی جاهیلیدا خاوەنقەرز زۆر جار قەرزداری ناچار دەکرد, لەڕێی فرۆشتنی لەشی ژن یا کچییەوە قەرزەکە بداتەوە. ئەگەرچی قورئان بەپێی ئایەتی33ی سوورەتی رووناکی ئەم کارە دزێوەی قەدەغەکرد, بەڵام بەشەرعیکردنی ژنومێردایەتی سەفەری, کە ئەمیش وەك لەشفرۆشتنی ئاسایی, ژن هەر لە ناچاریی ئابوورییەوە پەنای بۆ دەبات, گیانی بەو نەریتە بەخشییەوە.

(پیاو بە تاقە ژنێك دابین نابێ). ژنی سەفەری وەلامی ئیسمە بۆ پێویستییە جنسییەکانی پیاو و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامە-لای کەم لە ئێران- بۆ ئەو (بەرەڵاییە) جنسییەی ئەوروپا. لە ئەوروپا ژن ئازادە بێپێوەندی ژنومێردایەتی لەگەڵ پیاودا بژی و ئەو جۆرە ژیانە وەڵامدانەوەی ئاسایی ئارەزووی خۆیەتی و ژنیش وەك پیاو بکەرە نەك بەرکار. پێوەندییە ئازادە جنسییەکانی ئەوروپا بێخەوش نین, بەڵام وەك ژنومێردایەتی سەفەری ناکەونە خانەی لەش فرۆشتنەوە. لە ئەورووپا, پیاو بێویست و ئارەزووی ئافرەت سێکس لەگەڵ ژنی خۆیشیدا بکات, هەمان سزا دەدرێت وەك سێکسی بەزۆر لەگەڵ نەناسێکدا کردبێ. ئەگەرچی ژنومێردایەتی سەفەری شەرعییە, بەڵام زۆربەی خەڵکی ئێران ئەو ژنەی شووی سەفەری بکات وەك سۆزانی سەرنجی

---

[26] د شهلا حائری, *المتعة, الزواج المؤقت عند الشيعة*, شركه المطبوعات للتوزيع والنشر, ط3بيروت1995 ص81

[27](فيما استمعتم به منهن, فأتوهن أجورهن).

دەدەن. زانایانی ئایینی ئەم ڕاستییە دەزانن, بۆیە بە نهێنی ژنی سەفەری دەهێنن پاساوی ئەم کارەشیان بەوە دەدەنەوە کە ژنی سەفەری هێنان خێرەو خێرکردنیش بە نهێنی پاداشتی زۆرترە.

بەشێك لەوانەی خەریکی ژنومێردایەتی سەفەرین, خوێندکار و مامۆستایانی قوتابخانە ئایینییەکانن, وەك چۆن لەشارە گەورەکانی ئەوروپا شوێن‌و شەقامی تایبەتی بۆ دۆزینەوەی ژنی لەشفرۆش هەیە, لە ئێرانی ئیسلامیشدا ئەوی بەدوای ژنومێردایەتی سەفەریدا بگەڕێ, ڕوو لە مەزار, مزگەوت‌و شوێنە پیرۆزەکانی مەشهەد, قوم‌و ڕەی دەکا. ئیسلامە ڕەسەنەکان کە سەردانی مەزاری ئیمامی ڕەزا دەکەن, مەبەستی سەرەکییان دۆزینەوەی ژنێکی سەفەرییە.

لە ژنومێردایەتی سەفەریشدا وەك سۆزانێتی, پیاو عەودالی سێکسەو ژنیش پارە. بەشەرعیکردنی ئەم سۆزانێتییە گەورەترین سووکایەتییە بەژن دەکرێ. لە هەر شوێنێ فیکری زاڵ وەك ئێرانی ئیسلامی ئاوا سووك سەرنجی ژن بدات, پیاو سووك و ئاسان سێکسی دەست دەکەوێ. لە ئێرانی سێبەری دەسەڵاتی ئیسلامدا نەك هەر دەڵاڵیکردن بۆ دۆزینەوەی ژنی سەفەری ئازادە, بەڵکو زۆر میوانخانە دەرگایان بۆ حەواندنەوەی (بووك‌و زاوا)ی سەفەری لەسەر گازەرای پشتە.

ژن چونکە شوومە, (لەکاتی نوێژکردندا, ئەویش وەك سەگ‌و کەر, ئەگەر بەبەردەمتا ڕەتبوو, نوێژەکەت بڕە!) کە ئەمە تێڕوانینی پێغەمبەری ئیسلام بێ بۆ ژن, ئیدی کوا دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران بە موو لە ڕێبازی محەمەد لایان داوە, کاتێ ژنانی نەیار پێشەکی ئیغتیساب, ئینجا ئیعدام دەکەن.[28]

---

[28] بێجگە لەو شوێنانەی سەرچاوەکانم دەستنیشان کردوون, لەگەڵ جێی دیکەیشدا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوودێکی زۆرم لە کتێبی المتعة د.شهلا حائری بە تایبەتی و ئەم کتێبانەی تریش بینیوە:

- عەلی میر فێترووس, *ئیسلام ناسی*.
- کۆمەڵێ نووسەر, *العنف الاصولی* 3 بەرگ.
- د. نصر ابو زید. *النص, السلطه, الحقیقه*
- عبدالله العروی, *الایدولوجیا العربیه المعاصر*, المرکز الثقافی العربی, بیروت 1995